# لەکاتێکدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتاری دەدا لە ڕۆژی جومعەدا؛ پیاوێک (هاتە نێو مزگەوت)، فەرمووی: ئایا نوێژت کرد ئەی فڵان؟ ووتی: نەخێر، فەرمووی: هەستە دوو ڕکات نوێژ بکە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «لەکاتێکدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتاری دەدا لە ڕۆژی جومعەدا؛ پیاوێک (هاتە نێو مزگەوت)، فەرمووی: ئایا نوێژت کرد ئەی فڵان؟ ووتی: نەخێر، فەرمووی: هەستە دوو ڕکات نوێژ بکە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سولەیکی غەتەفانی هاتە نێو مزگەوتی پێغەمبەرەوە لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتاری بۆ خەڵکی دەدا، ودانیشت بۆئەوەی گوێ لە وتارەکە بگرێت، ونوێژی (تحية المسجد)ی ئەنجام نەدا کە دەبێت لە کاتی چوونە مزگەوت دوو ڕکات ئەنجامبدرێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی یان حوکمەکەی نەزانیووە یان پێی وابوو گوێگرتن بۆ وتارەکە گرنگترە، وتاردان وڕێنموێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ خەڵکی نەبووە هۆی ئەوەی بێ ئاگا بێت لە فێرکردنی بۆیە پێی فەرموو: ئەی فڵان (کە لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا بوو) نوێژت کرد پێش ئەوەی تۆ ببینم؟ ووتی: نەخێر، پێی فەرموو: هەستە دوو ڕکات نوێژ ئەنجامبدە، ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا فەرمانی پێکردن کە دوو ڕکاتەکە پوخت (کورت) بکاتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە ڕێنموێنی ئەو پیاوەی کرد لە پێش ئەو هەموو خەڵکەدا لەبەر چەند هۆکارێک: - دەبێت لە کاتی پێویستدا کەسێک فێر بکرێت وئامۆژگاری بکرێت. - بۆئەوەی فێرکردنەکە بۆ هەموو خەڵکی بێت کە لە نوێژی جومعەدا ئامادە بوون چونکە قورسە کاتی تر هەبێت ئاوا بەم شێوەیە کۆ ببنەوە. - شێوازی فێرکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر بە نەرم ونیانی بوو بە بێ شکاندنی بەرامبەر. هەرکەسێک بچێتە نێو مزگەوتەوە لەکاتێکدا ئیمام وتار دەدات؛ دەبێت دوو ڕکات نوێژ بکات لە پێش دانیشتن، هەروەکو لەم فەرموودەیەدا هاتوو: (إذا جاء أحدكم يوم الجمعة والإمام يخطب، فليركع ركعتين) واتە: (ئەگەر یەکێکتان هات بۆ نوێژی جومعە وئیمام وتاری دەدا؛ ئەوا با دوو ڕکات نوێژ بکات). ئیمامی نەوەوەی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (( سەبارەت بەم فەرموودەیە: کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: إذا جاء أحدكم يوم الجمعة والإمام يخطب، فليركع ركعتين) واتە: (ئەگەر یەکێکتان هات بۆ نوێژی جومعە وئیمام وتاری دەدا؛ ئەوا با دوو ڕکات نوێژ بکات ویوختی بکاتەوە -کورتی بکاتەوە-)، دەڵێت: ئەمە دەقێکی ڕوونە وهیچ لێکدانەوەیەکی تری بۆ نییە، ویێم وا نییە هیچ زانایەک ئەم دەقەی پێبگات وباوەڕی وابێت سەحیحە وپاشان ڕەتی بکاتەوە)][شیکردنەوە (صحيح مسلم)].

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5205